پێشکەش بە خونچە لەسێدار دراوەکانی ڕۆژهەڵاتەکەم



**قەسیدەی زریکە**

لەم سەردەمە تەزیوەدا کە وەرزی مەرگی ویژدانە

زەمەن تەفسیری تاریکی شەوانی سەربەدارانە

زایەڵەی دەنگی لە قورگا کپ کراوم

دەئاڵێنمە کفنی خوێناوی پرواکان و لەگەڵتان ئەدوێم

لەگەڵتان ئەدوێم ئەی ڕێبوارانی شەقامەکانی ئاسمان

ئەی چرۆ تازەپشکووتوەکانی دارستانە سووتاوەکانی وڵاتەکەم

ئێوە لە سێدارە دران

ئێوە لە سێدارە دران و

هەنسکی ئاگرینی کازیوە هەواڵی مەرگی خۆمی بۆ هێنام

ئێوە لەوێ، ئەمن لێرە، هەموو لە سێدارە دراین

ئێوە لە سەر باڵی هیوا لە وەرزی عەشق و شەیدایی

ئەمن لە غوربەتی خەمبار، لە نێو شەوانی تەنیایی

ئێوە لە قوژبنی شەودا، بە سەد مەکر و ڕیا کوژران

ئەمن مات و عەبەسترا، بە بێ شەرم و حەیا کوژرام

ئێوەیان لە گووند و شار و لە کێو و لە بیابان کوشت

منیشیان لە غەریبیدا دوور لە ماڵ و لە دیار کوشت

ئێوەیان لە خۆزگەی دوێنێی ئاواتەکاندا هەڵواسی

ئەمنیان لە خەونی جوانی هیوای سبەیدا هەڵواسی

ئێوە و ئێمە و هەموومانیان

لە پانتایی مێژووی ئەم هەوارگە وێرانەدا

وێران کرد و هەڵیانواسین

سەدان حەیف و هەزاران ئۆف

ئێوە لەوێ، ئەمن لێرە

دوور و جودا لەیەک کووژراین

نازانم خەیاڵی خاوی جەلادی بێ ڕەحمی زەمان

لە کووانوی خەونی خۆیدا سبەینێ چۆن تەفسیر دەکات؟

ڕێگای پڕ ڕێبواری ئێوە بە دەستی کام تەقدیر ئەدات؟

هاوارەکانتان کپ دەکات بەڵام نازانم، نازانم

زایەڵەی دەنگ و هاوارتان چۆن کپ دەکا و چی لێدەکات؟

لەم گزینگە بێدەنگەدا بێزوو بە هاوارێک دەکەم

قەسیدەی زریکەیێک ساز دەکەم بۆ گوێی کەڕی دنیای بێدەنگ

داهاتووی خەباتتان دەنووسمەوە

داهاتوویێک بە بەرزی ورەی هەتاهەتاییتان و

بە گەشی دوایین دڵۆپی ئەسرینی ڕژاو

درێژترین چیرۆکی مانەوەتان دادەڕێژم

چیرۆکێک بە درێژایی مێژووی هاوارەکانمان و

بە ڕووناکی مۆمی هەڵوێستی هەردەم گڕاوتان



**کەژاڵ ئادەمی**

**15-05-2010**